گۆڕ یەکەم قۆناغە لە قۆناغەکانی قیامەت، ئەگەر یەکێک لێی ڕزگاری بێت؛ ئەوەی لە پاشی دێت ئاسانترە، وئەگەر یەکێک لێی ڕزگاری نەبێت؛ ئەوەی لە پاشی دێت سەختترە

لە هانیئی -بەندەی ئازادکراو- لە لایەن عوسمانەوە دەڵێت: ئەگەر عوسمان لەسەر گۆڕ ڕابوەستایە دەگریا هەتاوەکو ڕیشی تەڕ دەبوو، پێی ووترا: باسی بەهەشت ودۆزەخ دەکەیت ناگریت؛ بەڵام لەسەر ئەمە -لەسەر گۆڕ- دەگریت؟ ووتی: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «گۆڕ یەکەم قۆناغە لە قۆناغەکانی قیامەت، ئەگەر یەکێک لێی ڕزگاری بێت؛ ئەوەی لە پاشی دێت ئاسانترە، وئەگەر یەکێک لێی ڕزگاری نەبێت؛ ئەوەی لە پاشی دێت سەختترە».

[حەسەن - باش)] [(الترمذي وابن ماجه) ڕیوایەتیان کردووە]

پێشەوای ئیمانداران عوسمانی کوڕی عەفان -ڕەزای خوای لێبێت- ئەگەر لەسەر گۆڕێك بوەستایە دەگریا هەتاوەکو ڕیشی تەڕ دەبوو بە فرمێسکەکانی، پێی ووترا: باسی بەهەشت ودۆزەخ دەکرێت ناگریت وەکو بەپەرۆشبوونێك بۆ بەهەشت وترسێك لە ئاگری دۆزەخ! بەڵام لەسەر گۆڕ دەگریت؟ ووتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: گۆڕ یەکەم قۆناغە لە قۆناغەکانی قیامەت، ئەگەر بەندە پارێزراو بوو وڕزگاری بوو لێی ئەوا ئەوەی لە پاشی دێت ئاسانترە، وئەگەر ڕزگاری نەبوو لە سزای گۆڕ؛ ئەوا ئەو سزایەی لە پاشی دێت سەختترە لەوەی تێیدایە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11205